# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

# پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

## را پۆرتی بیست ویەك: سكالأكردن لە كەموكورتیەكانی كەرتی تەندروستی

حوزەیرانی 2019

1/7/2019

# ناوەڕۆک


| ناونیشان | ژمارەی پەڕە |
|---|---|
| بەشی یەکەم: ناساندن | |
| پێشەکی | 4 |
| کارنامەی یەکە | 5 |
| ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە | 6 |
| بەشی دوەم: راپۆرت | |
| دەستپێک | 8 |
| جۆرەکانی سکاڵای هاوڵاتیان | 8 |
| ئاماری سکاڵاکان | 9 |
| دۆسیەکانی مردنی نەخۆش | 9 |
| رای هاوڵاتیان | 10 |
| چۆنیەتی بەدواداچونەکان بۆ سکاڵای هاوڵاتیان | 11 |
| زۆربەی سکاڵای هاوڵاتیان بە گفتوگۆکردن چارەسەرکراوە | 11 |
| "هیچ کەس سکاڵای نەبوە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن" | 12 |
| سزا و بەدداچونی بەڕێوبەری نەخۆشخانەکان | 12 |
| کاریگەرییەکانی نەبونی هۆبە و بەشی یاسایی لە نەخۆشخانەو مەڵبەندەکان | 13 |
| دەستێوەردانی لایەنە ئیدارییەکانی ناوچەکە لە کەیسەکان | 14 |

| | |
|---|---|
| ئیدارەی قەزاکان بۆچونیان چیە لەبارەی سکاڵاکانەوە؟ | 14 |
| دەستێوەردانی دەرەکی لە کاری لیژنەکان | 15 |
| لێپرسراوی بەشی یاسایی تەندروستی گەرمیان خۆی لە قسەکردن دەدزێتەوە | 15 |
| سوڵحکردن رێگرە لە گەشتنە ئەنجامی سکاڵاکان | 16 |
| رۆڵی داواکاری گشتی لە دۆسیەی سکاڵاکانی سەر تەندروستی | 17 |
| رۆڵی پۆلیس لە دۆسیەی سکاڵای هاوڵاتیان | 17 |
| رۆڵی نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان لە چاودێریکردنی سکاڵاکان دا | 18 |
| بەدواداچونەکانی ئیدارەی گەرمیان بۆ سکاڵای هاوڵاتیان لەکەرتی تەندروستی | 19 |
| ئەو رێکارانەی داواکاری گشتی دەیگرێتەبەر لە سەر سکاڵای هاوڵاتیان | 20 |
| چۆنیەتی مامەڵەکردنی دادگا لەگەڵ دۆسیەکان | 21 |
| بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان: سکاڵاکان دو جۆرن | 21 |
| بەشی سێیەم: راسپاردەکان | |
| راسپاردەکان | 27 |

## بەشی یەکەم: ناساندن

### 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ساڵی رابردودا یەکەکە (42) راپۆرتی لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوەو بۆ ئەمساڵیش درێژە بە راپۆرتەکانی دەدات، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

# 2. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاولاتی و دەسەلات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاولاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.
2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.
3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.
4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.
5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1. لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.
2. پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.
3. وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

# 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## 1. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەرییەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.
(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاڕاستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

# بەشی دووەم: راپۆرت

## 1. دەستپێک:

زۆرینەی ئەو کێشەو گرفتانەی لە کەرتی تەندروستی رودەدەن دەوترێت بە بێ لێکۆڵینەوە تێدەپەرێت و کەس لێپێچینەوەی لەگەڵ ناکرێت، بە تایبەتی لە کەیسەکانی گیان لە دەستدان لە نەخۆشخانەکان.

بۆ ئەوەی بزانین دۆسیەکانی سکاڵای هاوڵاتیان لە تەندروستی گەرمیان چۆن بەدواداچونی بۆ دەکرێت و هاوڵاتیان رایان چیە لەسەر بەدواداچونەکان بۆ سکاڵاکانیان، هەروەها ئەنجامی دۆسیەکان چۆن یەکلادەکرێتەوە و تەندروستی گەرمیان هەوڵی چیبوە بۆ زیاتر بێلایەنی لیژنەکان، لەم راپۆرتەدا تیشک دەخەینە سەر سکاڵای هاوڵاتیان و بەدواداچونەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ سکاڵاکان.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە دەخەینە بەرباس کە رۆڵی داواکاری گشتی و مافی مرۆڤ لە دۆسیەکانی تایبەت بەو سکاڵانەی کە پەیوەندی بە بەرێوبەرایەتی تەندروستیەوە هەیە چۆنە، دەگوترێت کێشەکان لەبری یەکلاکردنەوی لە رێگەی یاساوە بە سولحی عەشایەری کۆمەڵایەتی چارەسەردەکرێت.

## 2. جۆرەکانی سکاڵای هاوڵاتیان

بەبەردەوامی کەرتی تەندروستی لەلایەن دانیشتوانی گەرمیانەوە کەوتۆتە بەردەم گلەی و گازندە، لەگەڵ ئەمەشدا سکاڵای جۆر بەجۆریان هەیە، دەبێت بپرسین هاوڵاتیان سکاڵایان تۆمارکردوە دەربارەی پێشێلکردنی مافەکانیان ئەو کەمتەرخەمیانەی کەباسی لێوەدەکەن؟

بە پێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان ئەو سکاڵایانەی کە هاوڵاتیان کردویانە خۆی دەبینێتەوە لە: (گومان لە مردنی نەخۆش، گلەیی لە کەمتەرخەمی کارمەندی تەندروستی، کەمتەرخەمی پزیشک، نەبینینی نەخۆش لە لایەن پزیشکەوە، سوکایەتی کردن بە نەخۆش، کێشەی وەرگرتنی بلیتی نەخۆش، جیاوازیکردن لە نێوان نەخۆشەکان ونەبونی هەندێک خزمەتگوزاری پێویستی تەندروستی لە ناوەندە تەندروستیەکان).

## 3. ئاماری سکاڵاکان

بە پێی ئەو بەدواداچونانەی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی ئەنجامی داوە، لە ساڵی (2018) دا (11) لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکهێنراوە، (8) لیژنەیان کارەکانی تەواو بوە، لەو (8) لیژنەیەش (4) کەیسیان رەوانەی دادگاکراون.

کۆی ئەو لیژنانەش (6) لیژنەیان بۆ حاڵەتەکانی مردن پێکهێنراون کە (3) حاڵەتیان مردنی دایکبوە، (2) حاڵەتیان مردنی پیاو بوە و (1) حاڵەتیان مردنی مناڵ بوە.

## 4. دۆسیەکانی مردنی نەخۆش

لەکاتی مردنی نەخۆش لە نەخۆشخانە هەندێکجار کەسوکاری نەخۆشەکە باسلەوەدەکەن کە گومانیان لە مردنی نەخۆشەکە هەیە، بۆیە سکاڵا تۆماردەکەن دژی پزیشک یاخود هەر لایەنێک کە بە بەرپرسیاری بزانن لە گیان لە دەستدانەکە.

کارمەندێکی بەشی یاسایی بەڕێوبەرایەتی تەندروستیش باس لەوەدەکات بۆ هەمو حاڵەتەکانی مردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەکان لیژنەی تایبەت دروست دەکرێت.

سەرکەوت جەلیل، وتیشی: "بۆ ئەمساڵ (٣) لیژنە لەسەر لێکۆڵینەوەی مردنی نەخۆش پێکهێنراوە".

پیکهێنانی ئەم سێ لیژنەیە پەیوەستە بە سێ حاڵەتی مردنی نەخۆش، ئەوانیش: گیان لەدەستدانی مناڵێک لە نەخۆشخانە و هاوڵاتیەک لە سەنتەرێکی چاندنی قژ، دۆسیەی سێهەمیش تایبەتە بە مردنی نەخۆشێک لە هۆڵی نەشتەرگەری نەخۆشخانەیەکی ئەهلی لە کەلار.

لەماوەکانی رابردودا بەهەمان شێوە لە سنوری تەندروستی گەرمیان چەندین دۆسیەی تایبەت بە سکاڵای گیانلەدەستدانی نەخۆش لە نەخۆشخانە حکومی و ئەهلیەکان هەبوە.

نزار حەسەن، بەڕێوبەری فەرمانگەی داواکاری گشتی گەرمیان، دەڵێت: "بە پێی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران ژمارە ١٤ ی ساڵی ١٩٩١ مادەی دە لە برگەی یەکەم و دوەم زۆر بەرونی باسی ئەوە کراوە کە کارمەند و فەرمانبەر لەکاتی دەوام و کارکردنیدا ئەگەر هەڵەی کرد، یاخود گومان بو لە کارەکەی کەمتەرخەم بوە ئەوا دەبێت لە ئاستی سەروی لیژنەی بۆ دروست بکرێت وەک بەڕێوبەرایەتی گشتی".

## 5. رای هاوڵاتیان

"ئەنجامی دۆسیەکەمان لە دادگا شۆکی کردین وایکرد ئیتر ئەو هەمو ئومێدەی هەڵمانچنی بو دەربارەی ئەوەی کە یاسا لە سەروی هەمو شتێکەوەیە بروخێت".

هەڵمەت عومەر، یەکێکە لەو هاوڵاتیانەی بەهۆی دۆسیەی مردنی (مهاباد عومەر) کە دەکاتە خوشکی لە ٢٠١٧/٦/١٢ لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منداڵبون کە لە کاتی نەشتەرگەریدا گیانی لەدەستداوە، وای وت.

ئەو بەداخ بو بۆ هەڵوێستی پزیشکەکان بەوەی کە تەنانەت نەهاتون دڵنەوایان بکەن.

وتیشی : "خوشکەم هەر لە کەلار مردبو، کەچی بە ئەمبوڵانسێک کە نەیانهێشت خۆمان لەگەڵی برۆین ناردیان بۆ سلێمانی، کەچوینە ئەویَ پزیشکەکە وتی ئەوان مردویان ناردوە بۆ لای ئێمە! کەچی ئەوەش رۆڵی دادگا بو ئێمەی بێئومێدکرد".

ئەم قسەیە تەنها ئەوانەی سکاڵایان تۆمارکردوە ئاماژەی پێناکەن، بەڵکو هەندێک لەو هاوڵاتیانە کە سکاڵایان تۆمارنەکردوە دەڵێن بێ هیوان لە سکاڵاکردن.

سۆزیار محەمەد، سەردانیکەرێکی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیبە، هێمای بەوەکرد رەخنەیەکی لە نەخۆشخانەکە گرتوە هێندە لێی تورەبون نەخۆشیەکەی لەبیرکردوە لەتاو ئەو سوکایەتیەیی پێیکراوە: "لە نەخۆشخانەکە شێوازی کردنە ژورەوەی نەخۆش بە ژمارەی کورسییە، واتە هەر نەخۆشیک چوە ژوری پزیشک هەمو نەخۆشەکان دەبێت هەستن و شوێنەکەیان بگۆڕن من دوگیان بوم پشتم زۆر ئازاری هەبو بە پۆلیسەکەم وت بۆچی ئێمە بەمشێوەیە عەزێت دەدەن ناتوانن سیستەمێکی باشتر دابنێنن بەشێوەیەک هەڵچو ترسام وامزانی شتێکی خراپم وتوە لەگەڵ ئەوەشدا ئیهانەی کردم".

کەواتە (سۆزیار) سکاڵای کردوە لە سەر ئەو هەڵسوکەتەی کە بەرامبەری کراوە؟ وتی:"سکاڵام نەکرد، چونکە هێندە پەشۆکام بەو هەڵسوکەوتەی کە دەکرێت لە نەخۆشخانەکە بەرامبەر منی نەخۆش گومانم نەبو کە سکاڵاش بکەم هیچ ئەنجامێکی نابێت، چونکە دیارە لەمن باشتر بەڕێوبەرانی تەندروستی ئاگاداری ئەم دۆخەن لە نەخۆشخانەکە".

بۆ ئەم حاڵەتەش بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان بێئاگایی خۆی دەربڕی لەو شێوازە چاوەڕوانیەی نەخۆش لەو نەخۆشخانەیە، وتی: "بۆ ئەمجۆرە سکاڵایانە هاوڵاتی دەتوانێت لەگەڵ بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە قسەبکات ئەویش کێشەکەیان بۆ چارەسەر دەکات".

جەختیشی کردەوە بۆ ئەو هاوڵاتیانەی کە بێ ئومێدن لە سکاڵاکردن، دەتوانن لەو کەسانە دڵنیاببنەوە کە سکاڵایان تۆمارکردوە ئەنجامەکانی بە دواداچونەکانیان لەوان بپرسن ئەوکات دڵنیادەبن کە نابێت بێئومێدبن لەسکاڵاکردن.

## 6. چۆنیەتی بەدواداچونەکان بۆ سکاڵای هاوڵاتیان

بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، لەسەر چۆنیەتی بە دواداچونەکانی بۆ کێشەو سکاڵای هاوڵاتیان دەڵێت: "ماوەی زیاتر لە دومانگ دەبێت هاوڵاتیەک سکاڵایەکی کردوە، بە تایبەت پەیوەندیم پێوەکردوە بۆ ئەوەی بێت بەدەم سکاڵاکەیەوە، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەبوە".

ئەو سکاڵایەی د. هاوار هۆشیار، تیشکی خستەسەر سکاڵای هاوڵاتیەکە بەناوی (س.ر.ع) کە مانگی نیسانی ئەمساڵ لە دژی پزیشکێکی بەشی راوێژکاری نەخۆشخانەکە کردویەتی بەهۆی کەمتەرخەمی و نەبینینەوەی ئەو شیکاریانەی بۆی کراوە لە نەخۆشخانەکە، بەڵام هاوڵاتیەکە نەهاتوەتەوە بۆ زانینی دەرئەنجامی سکاڵاکەی.

د. هاوار هۆشیار، جەختی کردوە رۆژانە زیاتر لە چەند جارێک دەچێتە بەشە جیاجیاکانی نەخۆشخانە بۆ بینین و ئاگادار بون لە سکاڵای هاوڵاتیان.

بۆ ئەو سکاڵانەی نەخۆش نایەوێت روبەڕوی پزیشک یاخود کارمەندەکە ببێتەوە، دەڵێت:"خۆم بە تایبەتی بەدواداچون بۆ ئەو جۆرە کێشانە دەکەم".

## 7. زۆربەی سکاڵای هاوڵاتیان بە گفتوگۆکردن چارەسەرکراوە

بەشی زۆری سکاڵای هاوڵاتیان لە پێشێلکردنی مافەکانیان لە لایەن پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی سەرچاوەی گرتوە، بەوتەی بەرێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، ئەم جۆرە سکاڵانەی بە گفتوگۆ چارەسەرکردوە لە نێو نەخۆشخانەکەیاندا و زۆرینەی هۆکارەکانی لێکتێنەگەشتن بوە.

د. هاوار هۆشیار، دەربارەی جۆری سکاڵاکان وتی :"هەندێک لە سکاڵاکان نەخۆش گلەیی هەبوە لەوەی پزیشکەکە سەیری شیکاریەکانی نەکردوە یاخود بە پێی پێویست گوێی بۆ نەگرتوە یاخود نەخۆش سکاڵای ئەوەی هەبوە کارمەندی تەندروستی کارەکانی خۆی بەگوێرەی پێویست بۆ ئەنجام نەداوە".

لە نەخۆشخانەی ژنان و منداڵبونیش بەهەمانشێوە هەندێک لە سکاڵاکان بەشێوەی گفتوگۆ چارەسەرکراوە و نەبوە بە سکاڵای فەرمی.

گۆران محەمەد، یاریدەدەری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، لەمبارەیەوە وتی: "بەشێکی زۆری سکاڵاکان ئاسایی بون هەر لە ناو نەخۆشخانەکە بە گفتوگۆکردن چارەسەرکراون، بەڵام ئەگەر هەرکێشەیەک هاوڵاتیەکە ویستبێتی سکاڵا تۆمار بکات ئەوکات ڕۆشتوەتە بەشی سکاڵا و بەدواداچون لە دیوانی بەڕێوبەرایەتی گشتی".

## 8. "هیچ کەس سکاڵای نەبوە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن"

نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار، بە بەردەوامی لە باسی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکانی تایبەت بەنەخۆش لە گەرمیان لە لایەن هاوڵاتیان دەکەوێتە بەر ڕەخنەی توند، بەڵام یاریدەدەری بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە دەڵێت: "تائێستا هاوڵاتی سکاڵای تۆمار نەکردوە لە نەخۆشخانەکە".

هەڵگورد محەمەد، وتیشی: ئەمساڵ هیچ حاڵەتێکی سکاڵاکردن نەبوە لە نەخۆشخانەکەمان.

لە بارەی ئەو ڕەخنانەی لە نەخۆشخانەکە دەگیرێت، یاریدەدەری بەریوبەری نەخۆشخانەکە وتی: "زۆربەی هاوڵاتیان لە سۆشیاڵ میدیاوە ڕەخنەدەگرن و ڕاستەوخۆ نایەن سکاڵا بکەن، زۆرجار کە بەدواداچون دەکەم بۆ ئەو قسانە دەبینم بەوشێوەیە نیە کە دەیڵێن و هەڵەتێگەشتن هەبوە".

هۆکاری ئەوەی کە نەخۆش ڕاستەوخۆ لە نەخۆشخانەکە سکاڵا تۆمار ناکات، ئارام ئەحمەد، لێپرسراوی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکە، دەڵێت: "خەڵک نایەت سکاڵا بکات کاتێک دەزانێت مافی پێشێلکراوە، ئەمەش بەهۆی ناهۆشیارییەوەیە".

## 9. سزا و بەداداچونی بەڕێوبەری نەخۆشخانەکان

لە قەزای کفری بەبەردەوامی هاوڵاتیان باسلەوەدەکەن کە پزیشک وەک پێویست دەوام ناکات لەنەخۆشخانەکە، زۆرینەی سکاڵاکانیان لەم بارەوەیە.

هێمن محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالید گەرمیانی لە کفری، دەربارەی ئەو سکاڵانەی تۆمارکراوە لە نەخۆشخانەکەیان هێمای بەوەکرد کێشەو سکاڵای هاوڵاتیان هەندێکجار لە بەرپرسیاریەتی پزیشک یاخود کارمەند نیە: "کێشەکە لە سەروی ئێمەوەیە لە سیستەمی تەندروستیە، ئێمە پزیشکمان هێندە کەمە بۆ ئێشکگری، پزیشک لە مانگێکدا دە شەو و رۆژ ئێشکگرە، جاری واهەبوە دوای بەدواداچونمان بۆ سکاڵای هاوڵاتی دەرکەوتوە ئەو پزیشکە هیچ توانانی بینینی نەخۆشی نەماوە، ئەمەش وەزارەت بەرپرسیارە".

جەختی لەوەشکردەوە، هەندێک سکاڵا هەبوە حەق بە نەخۆش بوە و کەمتەرخەمیەکە بە ئەنقەس کراوە و سزای کارمەند و پزیشکیان داوە.

بە پێی ئامارەکان لە نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی، تەنها لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا ١٨ پزیشک و کارمەند سزادراون بەهۆی کەم تەرخەمی و سکاڵای هاوڵاتیانەوە.

دەربارەی جۆری سزاکان هێمن محەمەد، ئاماژەی بەوەکرد کە: "سزاکان جیاوازە، خۆی دەبینێتەوە لە ئاگادارکردنەوە، ئەژمارکردن بە نەهاتو (غیاب)، تەنانەت سزای قورسیشی تێدایە".

## 10. کاریگەرییەکانی نەبونی هۆبە و بەشی یاسایی لە نەخۆشخانەو مەڵبەندەکان

لە هەیکەلی تەندروستی دەبێت لە تەواوی مەڵبەندو نەخۆشخانەکان هۆبەی یاسایی هەبێت بۆ بەدواداچونی سکاڵاو یەکلاکردنەوەی دۆسیەکان، بەڵام لە گەرمیان تەنها لە بەڕێوبەرایەتی گشتی بەشی یاسایی هەیە.

د.سیروان محەمەد، هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ کەمی ژمارەی کارمەندی یاسایی لە تەندروستی و نەبونی هەلی دامەزراندن.

بەرێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، ئاماژەی بەوەشکرد ئەمە وایکردوە بۆشاییەک لە کارەکانیان دروستبێت، چونکە کارێکی زۆر کەتۆتە سەر بەشی یاسایی بەڕێوبەرایەتی گشتی بەهۆی ئەوەی سەرجەم سکاڵا یاساییەکان دێت بۆ ئەم بەشە.

## 11. دەستێوەردانی لایەنە ئیدارییەکانی ناوچەکە لە کەیسەکان

بەرپرسانی ناوەندە تەندروستیەکان لە گەرمیان باسلەوەدەکەن دەستێوەردانی لایەنی دەرەوەی تەندروستی لە سکاڵاکان کاریگەری خراپی هەیە لەسەر کەرتی تەندروستی ناوچەکە، نابێت کەسێک بە بێ بەدواداچون راستەوخۆ پزیشک و کارمەندی تەندروستی بخاتە ژێر بەرپرسیاریەتی بەبێ بونی بەڵگە.

بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالید گەرمیانی، دەربارەی دەستێوەردانی لایەنە ئیدارییەکان نمونەی کەیسێکی هێنایەوە کە لەم دواییانە لە نەخۆشخانەیەکەیان هاتۆتە پێش و وتی: "قائیمقامیەتی کفری لەسەر سکاڵای هاوڵاتیەک نوسراوی کردوە بۆ ئیدارەی گەرمیان، تێیدا نوسراوە جەخت لە سکاڵای هاوڵاتیەکە دەکەینەوە، دواجار بە بێ ئەوەی هیچ شتێک بە ئێمە بوترێت نوسراو لە ئیدارەی گەرمیانەوە کراوە بۆ بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان و لیژنەیان دروستکردوە".

هێمن محەمەد، ئەمە بە پێشێلکردنی دەسەڵاتەکانیان دەزانێت و دەڵێت: "لەم حاڵەتانە دەبێت سەرەتا بەڕێوبەری نەخۆشخانە ئاگادار بکرێتەوە و لیژنە بۆ بەدواداچونی سکاڵاکە دروست بکات، ئەگەر لەو ئاستە نەتوانرا چارەسەربکرێت سکاڵاکە بەرزدەکرێتەوە بۆ سەروی خۆیان".

وتیشی: هۆکاری ئەمە نەبونی رۆشنبیری تەندروستیە و وەزارەتی تەندروستی لێی بەرپرسیارە کە نەیتوانیوە ئەم بابەتانە بخاتە بەرباس.

جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار دەڵێت: هاوڵاتیەک لەبری سکاڵاکردن پەنای بردبوە بەر فەرمانبەرێکی ئیدارەی گەرمیان و لەبەرامبەریشدا ئەو فەرمانبەرەی ئیدارەی گەرمیان بۆ گەیاندنی سکاڵای ئەو هاوڵاتیە پەیوەندی بە منەوە کردوە لەبری سکاڵاکردن، بۆ ئەوەی بەدواداچون بۆ کێشەکە بکەین و خۆی سکاڵای نەکردبو.

## 12. ئیدارەی قەزاکان بۆچونیان چیە لەبارەی سکاڵاکانەوە؟

قائیمقامی کفری، لە بارەی دەستێوەردان لەو سکاڵایانەی لە نەخۆشخانەکان دەکرێت ئاماژە بەوەدەکات وەکو ئیدارەی ناوچەکە لە سەرمانە بەرێوبەری جێگەکە ئاگادار بکەینەوە کە بەدواداچون بکات، بەڵام بۆ دەرماخانەو نۆرینگە ئەهلیەکان خۆمان لیژنەی تایبەتمان هەیەو بەدواداچونی بۆ دەکەین.

جەلال شێخ نوری، وتیشی: چاودێری بەدواداچونەکە دەکەین و ئەگەر سکاڵاکە پەیوەندی بە کەمتەرخەمی کارمەندی تەندروستی یان پزیشکەوە هەبو ئەوە بە پێی دەسەڵاتی کارگێری سزا دەدرێت.

قائیمقامی کفری، رونیکردەوە: ئەو سکاڵایانە دەنێرن بۆ ئیدارەی گەرمیان کە زانستین و گرفتەکە چارەسەری لای ئەوان نیە.

دەشڵێت: زۆرینەی سکاڵای هاوڵاتیان لەسەر نەبونی پزیشکە لە نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستیەکانی قەزاکە، لەگەڵ دەرمانخانە و تۆرینەگەکان.

## 13. دەستێوەردانی دەرەکی لە کاری لیژنەکان

بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان دەڵێت: لایەنە ئیدارییەکانی ناوچەکە تاوەکو ئێستا بۆ هیچ کەیسێک کە پەیوەندی بەو کارانەوە هەبێت کە لیژنەی بۆ دروستکراوە تەداخولیان نەکردوە، بەڵام بە پێی بە دواداچونەکانی یەکەی چاودێری تەداخولی لیژنەکان کراوە.

د.سیروان محەمەد، جەختی لەمە کردوە کە هەندێکجار ئەندامانی لیژنەکان سەردانیان کردوە ئەوەیان پێوتوە کە زەختێکی زۆری کۆمەڵایەتی و عەشایەریان لەسەرە و داوایانکردوە لە لیژنەکە لاببرێن.

وتیشی: "هەوڵی تەواومم داوە لیژنەکان کارەکانیان بێلایەن بێت، ئەگەر لیژنەیەک گومانم لە کارەکانیان هەبێت بەوەی بڕیارەکانیان لەژێر فشاری دەرەکی داوە لیژنەکەم گۆڕیوە".

سەرکەوت جەلیل، فەرمانبەری بەشی یاسا لە تەندروستی گەرمیان کە خۆی ئەندامی چەند لیژنەیەک بوە، ئەوە پشت راستدەکاتەوە و دەڵێت: پەیوەندیمان پێوەدەکرێت بۆ چاوپۆشیکردن، بەڵام هیچ کاریگەریەکی نیە لەسەر کارەکانمان.

## 14. لێپرسراوی بەشی یاسایی تەندروستی گەرمیان خۆی لە قسەکردن دەدزێتەوە

لێپرسراوی بەشی یاسایی لە بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان ئامادەنیە هیچ زانیاریەک لە سەر چۆنیەتی بەدواداچونەکانیان بۆ سکاڵای هاوڵاتیان و ئەو بەدواداچونانەی بۆ دۆسیەی مردنی نەخۆش لە نەخۆشخانە حکومی و ئەهلیەکان کردویانە ئەنجامەکانیان بخەنە رو، ئەمەش گومان لەسەر بەدواداچونەکانیان دروست دەکات.

نەخستنەڕوی بەدواداچونەکانیان لە کاتێکدایە لە کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا سێ دۆسیەی مردنی نەخۆش لەم بەشە لە ماوەی لێکۆڵینەوەدان، هاوڵاتیان چاوەڕوانی ئەنجامەکانی ئەم دۆسیانەن بۆ ئەوەی دڵنیاببنەوە لەوەی سکاڵاکردنیان لەم ناوەندە ئەنجامی هەیە یاخود نا.

پێنەدانی زانیاریەکان و شاردنەوەی دەرئەنجامەکان ئەو گومانەی هاوڵاتیان پشتراست دەکاتەوە کە دەڵێن بۆیە سکاڵا ناکەین ناگاتە ئەنجام، لە کاتێکدایە بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان رەزامەندی دەربڕیوە بۆ یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان لەسەر پێدانی زانیاریەکان لەلایەن بەشی یاساییەوە، بەڵام دوای چەند جارێک سەردانیکردن و پەیوەندی کردن بە لێپرسراوی بەشی یاسا لە بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان لە خستنەروی ئەنجامەکان، خۆی شاردەوە و ئامادە نەبو هیچ زانیاریەک بخاتە رو.

## 15. سوڵحکردن رێگرە لە گەشتنە ئەنجامی سکاڵاکان

هەندێک لە سکاڵاکان دوای کارکردنی لیژنەکان یاخود لە ماوەی کارکردنی لیژنە پزیشکیەکان بۆ کەیسەکە لایەنی سکاڵاکەر سکاڵاکەی دەکشێنێتەوە، بەڕێوبەری تەندروستی گەرمیانیش ئەمە پشتڕاست دەکاتەوەو بە کارێکی ناپەسەندی ناوبرد. وتی: "کەیسی واهەبوە دەرکەوتوە پزیشکەکە کەمتەرخەمبوە، بەڵام بەهۆی سوڵحی عەشایەرییەوە سکاڵاکەیان کشاندۆتەوە، دۆسیەکە گۆڕاوە بۆ شتێکی دیکە".

کەواتە ئەگەر کەیسەکە بە سوڵحی عەشایەری چارەسەربکرێت تەندروستی گەرمیان چ لێپێچینەوەیەک دەکات بەرامبەر پزیشک یاخود کارمەندی تەندروستی؟

د.سیروان محەمەد، ئاماژەی بەوەکرد: "کاتێک لیژنە پزیشکیەکە بڕیاری خۆی دەدات و داوای ئیجرائاتی کارگێڕی و یاسایی دەکات لە کەسی سکاڵا لێکراو ئێمە لێپێچینەوە کارگێڕییەکە دەکەین بەرامبەری، بەڵام بەهۆی ئەوەی کاتێک ئەنجامی بەدواداچونی لیژنەکە دەچێتەوە دادگا لایەنی سکاڵاکەر هەڵدەسێت بە سوڵحی عەشایەری، بابەتەکە کۆتایی پێدەهێنن سەرلەبەری دۆسیەکە بەوهۆیەوە دەگۆڕێت".

## 16. رۆڵی داواکاری گشتی لە دۆسیەی سکاڵاکانی سەر تەندروستی

داواکاری گشتی وەک لایەنی فەرمی کە نوێنەریان هەیە لە ناو لیژنەکانی تایبەت بە دۆسییەی مردنی نەخۆش چۆن بەدوداچون دەکەن؟

دادوەر (نزار حەسەن)، سەرۆکی فەرمانگەی داوکاری گشتیی گەرمیان، بەمشێوەیە باسی لە بەدوداچونەکانیان کرد: "ئێمە لەگەڵ دۆسیەکە دەڕۆین و چاودێری رێکارەکانیان دەکەین بۆ ئەوەی بزانین ئەو هەنگاوانەی دەنرێت تاوەکو چەند یاساییە، ئەگەر دەرکەوت بڕیارێکی نایاسایی لەسەر بابەتەکە دەردەچێت، ئەوا هەمو ئەو ریکارانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئێمەیە دەیگرینە بەر".

بەڕێوبەری فەرمانگەی داواکاری گشتی گەرمیان، وتیشی: "ئەو حاڵەتانەی کە کەسوکاری نەخۆش خۆیان لە پزیشک یاخود کارمەندی تەندروستی خۆش ئەبن، و دەرکەوت پزیشکەکە یاخود کارمەندەکە تاوانبارە ئەوا تاوانەکەی دەبێتە تاوانی نەزانین نەک تاوانی ئەنقەس وەک ئەوەی بۆنمونە کەسیک کەسێکی بە فیشەک کوشتبێت".

ئاماژەی بەوەشکرد بەهۆیەوە ئەو مادە یاساییەی کە پزیشک یاخود کارمەندی تەندروستی پێ سزادەدرێت سزادانەکەی سوکترە.

## 17. رۆڵی پۆلیس لە دۆسیەی سکاڵای هاوڵاتیان

هاوڵاتی لەکاتی بونی سکاڵا لەبەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانی یاخود سوکایەتی پێکردنی لەلایەن پزیشک و کارمەندەوە دەتوانێت راستەوخۆ لە بنکەی پۆلیس سکاڵابکات.

لەبارەی چۆنیەتی سکاڵاکردنی هاوڵاتی لەسەر ناوەندە تەندروستیەکان، وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان دەڵێت: "هاوڵاتی دەتوانێت لە پۆلیس سکاڵابکات، بەڵام نابێت ئەو کێشەیەی کە سکاڵای لەسەر تۆمار دەکات چەند رۆژێکی بەسەردا تێپەڕیبێت".

ئەگەر ماوەیەکی بەسەردا تێپەڕی بو دەبێت لە رێگەی دادگا سکاڵا تۆماربکات لەسەر ئەو پزیشک و کارمەندە، جا ئەگەر حاڵەتەکە هەرچی بێت.

عەلی جەمال قەدوری، وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان، باسی لەوەشکرد: دوای تۆمارکردنی سکاڵا لە دادگا ئەوکات کە سکاڵاکەی لە لایەن دادگاوە جولا، ئێمە دەست دەکەین بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچون.

بۆ دۆسیەی مردنی نەخۆش، وتەبێژی پۆلیسی گەرمیان هێمای بە رێکارە یاسایەکانیان کرد لەم دۆسیانەدا و وتی: "دوای ئەوەی دادگا کەیسەکە دەجولێنێت و پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە راستەوخۆ دەست دەکەین بە لێکۆڵینەوە، نوسراو ئاراستەی تەندروستی گەرمیان دەکەین ئەوانیش لیژنە دەروستدەکەن بۆ ئەوەی بزانرێت هۆکاری مردنەکە کەمتەرخەمی پزیشک و کارمەند بوە یاخود هۆکاری دیکە بوە".

بۆ ئەمساڵیش تاوەکوئێستا لە پۆلیسی گەرمیان یەک حاڵەتی تۆمارکردنی سکاڵا هەبوە ئەویش گیان لەدەستدانی هاوڵاتیەک بوە لە سەنتەرێکی چاندنی قژ.

## 18. رۆڵی نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان لە چاودێریکردنی سکاڵاکان دا

لە گەرمیان بە بەردەوامی باس لەپێشێلکردنی مافی نەخۆش دەکرێت و هەندێکجاریش هاوڵاتیان سکاڵا تۆماردەکەن، بەڵام بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان دەڵێت: لەماوەی چەند ساڵی رابردودا تەنها یەک سکاڵا هاتۆتە لامان کە ئەویش سکاڵای کەسێک بوە لە بەڕێوبەری پزیشکی دادوەری لەسەر سوکایەتی پێکردن.

بە پێی یاسای ژمارە ٤ ساڵی ٢٠١٠ دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، لە بڕگەیەکیدا هاتوە هەر هاوڵاتیەک پێشێلکاری بەرامبەرکرا دەتوانێت بێتە فەرمانگەی مافی مرۆڤ و فۆرمی سکاڵا پڕبکاتەوە.

لەبارەی کەیسەکانی مردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەکان و رۆڵی نوسینگەی مافی مرۆڤ لەم دۆسیانەدا، خەبات رەشید، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، رایگەیاند: کە ئەوان بەدەر لە سکاڵای هاوڵاتیان ئەو حاڵەتانەی کە دەگاتە دەستیان لە راگەیاندنەکانەوە بێت یان لەلایەن رێکخراوەکانەوە یاخود لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکانەوە، لیژنەی بۆ دروست دەکەن بۆ بەدواداچون.

نمونەی دۆسیەی مردنی ئەو نەخۆشەی هێنایەوە کە ئەمساڵ لە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی لە کاتی نەشتەرگەریدا گیانی لەدەست داوە، وتی: "لەم دۆسیەدا بۆ ئەوەی مافی هیچ لایەکیان نەفەوتێت ئێمە بە لیژنەیەک چاودێری ئەو کەیسە دەکەین، پزیشکەکە دەڵێت من ئیشی خۆمم کردوە کەسوکارەکەشی دەڵێن ئێمە مافی خۆمانە سکاڵا بکەین، سەندیکای پزیشکانی کوردستانیش دەڵێن بە پێی یاسا نابێت پزیشکمان راگیرێت (توقیف بکرێت)، داوادەکەن رێکاری یاسایی بگیرێتە بەر بەوەی کە نابێت ئەم حاڵەتە دوبارەبێتەوە".

لەوەڵامی ئەوپرسیارەی کە رۆڵی فەرمانگەی مافی مرۆڤی گەرمیان چی بوە لەسەر ئەو گلەی و گازندانەی دانیشتوانی گەرمیان لە کەرتی تەندروستی؟ خەبات رەشید، وتی: "پێشێلکردنی مافی نەخۆش شتێکی زەقە لە تەندروستی

گەرمیان دەکرێت، چ لە سەرەی نەخۆش لە نەخۆشخانەکان یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن یاخود ناوەندەکانی دیکەی تەندروستی".

لەبارەی هەوڵەکانی نوسینگەکەیان لەسەر ئەم پرسە وتی: "راپۆرتێکی گشتگیرمان ئامادەکردوە لەسەر سەرجەم ئەو حاڵەتانەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤە، لە رێگەی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤەوە دەیدەین بە وەزارەتی تەندروستی، بەڵام چاوەڕوانی کابینەی نوێی حکومەتین".

## 19. بەدواداچونەکانی ئیدارەی گەرمیان بۆ سکاڵای هاوڵاتیان لەکەرتی تەندروستی

هەندێکجار هاوڵاتیان راستەخۆ بۆ کێشەکانیان پەنادەبەنە ئیدارەی گەرمیان بۆ سکاڵاکانیان یاخود لە رێگەی یەکە ئیدارییەکانی قەزا و ناحیەکانەوە لە سکاڵاکانی تایبەت بە تەندروستی ئاگادار دەکرێنەوە.

بەڕێوبەری راگەیاندن و پەیوەندیەکانی ئیدارەی گەرمیانیش باس لەوەدەکات هەمیشە لەکاتی بونی سکاڵاکردن چ هاوڵاتی خۆی سکاڵابکات لە ئیدارەی گەرمیان یاخود لە رێگەی قائیمقامیەت و بەرێوبەری ناحیەکانەوە نوسراویان بۆ بکرێت، راستەوخۆ بەڕێوبەری تەندروستی ئاگاداردەکەنەوە، چونکە راستەخۆ ئیدارەی گەرمیان لەگەڵ بەڕێوبەرایەتیەکاندا پەیوەندی هەیە.

سەبارەت بەوەی کە بۆچی لە هەندێک حاڵەتدا بەبێ گەڕانەوە بۆ بەڕێوبەرانی نەخۆشخانەو ناوەندە تەندروستیەکانی دیکە سکاڵاکە لایەن قائیمیقامیەت و ئیدارەی قەزاو ناحیەکان ئاراستەی ئیدارەی گەرمیان دەکرێت کە بەوتەی ئەو بەڕێوبەرانە ئەمە کارێکی نایاساییە، هەڤاڵ ئیبراهیم، بەڕێوبەری راگەیاندن و پەیوەندیەکانی ئیدارەی گەرمیان، جەختی کردوە لەوەی کە ئەوان تەنها مامەڵە لەگەڵ لایەنی یەکەمی تەندروستی دەکەن بۆ ئەو جۆرە سکاڵانە، داواش دەکەن ئەوان خۆیان لیژنە پێکبهێنن،

وتیشی: "دەبێت قائیمقامیەت و ئیدارەی ناحیەکان لەو حاڵەتانەدا بەڕێوبەری ناوەندە تەندروستیەکان ئاگادار بکەنەوە".

دانیشتوانی گەرمیان بە بەردەوامی سکاڵایان هەیە لە کەرتی تەندروستی گەرمیان و بەتایبەت کەمی ژمارەی پزیشک و نەبونی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان و پێنەدانی مافی نەخۆش لەلایەن پزیشک و کارمەندانی تەندروستیەوە، ئیدارەی گەرمیان چیکردوە بۆ ئەم سکاڵا گشتیانە کە بەردەوام دوبارە دەبنەوە؟

بەڕێوبەری راگەیاندن و پەیوەندیەکانی ئیدارەی گەرمیانیش، لەبارەی هەوڵەکانیان لەمبارەوە وتی: "سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بەتایبەت لەسەر شێوازی مامەڵەکردنی پزیشک لەگەڵ نەخۆش و چۆنیەتی هەمانگی نێوانیان لەگەڵ پزیشکانی گەرمیان کۆبۆتەوە، هەمو هەوڵێکیشمان داوە بۆ زیادکردنی ژمارەی پزیشک و لە ئێستادا ژمارەی پزیشک لە گەرمیان تاڕادەیەک باشتر بوە".

## 20. ئەو رێکارانەی داواکاری گشتی دەیگرێتەبەر لە سەر سکاڵای هاوڵاتیان

بەشێک لە سکاڵای هاوڵاتیان وەک بەرپرسانی تەندروستی هێمای بۆ دەکەن گرفتێکە هۆکارەکەی سیستەمی تەندروستی و کەمی ژماری پزیشک و کارمەندی تەندروستیە لە ناوەندە تەندروستیەکان.

بەشی زۆری هاوڵاتیان سکاڵایان هەیە لەسەر ئەوەی کە پزیشک لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن زۆر جار نایەن نەخۆشەکەیان ببین و بە تەلەفۆن دەینێرنە نەخۆشخانەکانی سلێمانی، یاخود تەنها کارمەندی تەندروستی نەخۆشەکەیان دەبینێت.

دادوەر (نزار حەسەن)، سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتی گەرمیان، باس لەوەدەکات: ئەوان بەردەوامن لە گرتنەبەری رێکاری یاسایی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە: "بەبەردەوامی ئێمە چاودێری نەخۆشخانەکان دەکەین بۆ نمونە نەخۆشخانەی فریاکەوتن ئەوان هۆکاری سکاڵای هاوڵاتیان دەبەستنەوە بە هۆکاری کەمی ژمارەی پزیشکی نیشتەجێی خولاو و دێرین یان نەمانەوەی پزیشکی پسپۆر لە کاتی ئێشگری لە نەخۆشخانەکە، ئەمەش بۆ خۆی بابەتێکی ئاڵۆزە لەگەڵ بەڕێوبەری گشتی تەندروستی و وەزیری تەندروستی ئەم کێشەیەمان باسکردوە".

وتیشی: "بڕیار وایە لە کابینەی نوێی حکومەت بەجدی کار لەسەر ئەم کێشەیە بکرێت".

سەبارەت بە بەکارنەهێنانی دەسەڵاتی یاسایی لەبەرامبەر ئەو پزیشکانەی کە لە کاتی ئێشکگری نایەنەوە بۆ بینینی نەخۆش، هێمایی بەوەکرد: لەبەر ئەوەی لەم حاڵەتانەدا راستەوخۆ سەرجەم پزیشکەکانی ئێرە دەست دەکەن بە مانگرتن، ئەگەرچی مانگرتن بۆ خۆی تاوانە و سزای لەسەرە، بەڵام لەم چەند ساڵەی پێشودا بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەتوانراوە لێپێچینەوە لەو بارەیەوە بکرێت.

### ٢١. چۆنیەتی مامەڵەکردنی دادگا لەگەڵ دۆسیەکان

هەندێک لە هاوڵاتیان دادگاکان بە کەمتەرخەم دەزانن لە سەر ئەو سکاڵایانەی کردویانە باسلەوەکەن دادگا ئەو رۆڵەی نەبینیەوە کە ئەمان چاوەڕوانی لێدەکەن.

هەڵمەت عومەر، هاوڵاتیەکی سکاڵاکەرە، دەڵێت: "دادگا و ناوەندەکانی دیکە زۆر هاتوچۆیان پێدەکردین قەزیەکەیان زۆر دواخستین، ماوەی دوساڵ دادگا ئێمەی هێشتەوە لەسەر ئەو سکاڵاییەی کە کردبومان لەسەر گیان لەدەستدانی خوشکەکەم، کەچی دوای ئەو دوساڵە هاتون ئەڵێن با گۆڕەکەی هەڵبدەینە بۆ دوبارە پشکنین".

ئەو باس لەوەشدەکات: تەنانەت پارێزەری دۆسیەکەیان وتویەتی بۆ دانیشتنەکان ئاگەدار نەکراومەتەوە.

بەڕێوبەری داواکاری گشتی گەرمیان جەخت لەوەدەکاتەوە کە دادگاکان وەک پێویست کار بە دو نوسراوی تایبەتی

سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری عێراق بە ژمارە (ل د/٩/٢٦١) و نوسراوێکی دیکەی ئەنجومەنی دادوەری هەرێم بە ژمارە (١٧٨/٨/٣) ناکەن.

دادوەر (نزار حەسەن) دڵنیایی ئەوەشیدا بەهاوڵاتیان کە دادگا تەوای رێکارە یاساییەکان بۆ ئەم دۆسیانە دەگرێتەبەر و هیچ جیاوازیەک ناکات لە نێوان ئەم دۆسیەو دۆسیەکانی دیکە لە دادگا.

### 21. بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان: سکاڵاکان دو جۆرن

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان وەک دەسەڵاتی یەکەم لە کەرتی تەندروستی گەرمیان دەڵێت: ئەو سکاڵایانەی دەگەنە دەست بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان دو جۆرن سکاڵای بەش و هۆبەکانی کارمەندەکانی تەندروستیە لە مەڵبەند و نەخۆشخانەکان لەگەڵ سکاڵای هاوڵاتیان.

د. سیراون محەمەد، باسی لەوەکرد سکاڵای هاوڵاتیان بەگشتی خۆی دەبینێتەوە لە: خراپ وەرگرتنی چارەسەر، دواکەوتنی چارەسەر، وەرنەگرتنی چارەسەر، لەگەڵ کەیسەکانی مردنی نەخۆش.

هێمای بەوەشکرد بۆ سکاڵای هەر حاڵەتێکی مردن راستەوخۆ لیژنەی بۆ دروست دەکەن: "لەساڵی٢٠١٥ەوە بۆ سکاڵای مردنی نەخۆش لیژنەی پزیشکی لە دەرەوەی گەرمیان بۆ دروست دەکەین، نوسراو دەکەین بۆ وەزارەت لە ئاستی وەزارەتەوە لیژنەی بۆ دروست دەکرێت و پزیشک لە هەولێر و سلێمانی بەشدار دەبن لە لیژنەکان بەتایبەت بۆ ئەو حاڵەتانەی کە پزیشکی پسپۆری ئەو نەخۆشیە لێرەکەم بێت".

هۆکاری بەشداری پێکردنی پزیشک لەدەرەوەی گەرمیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە دەیانەوێت ئەنجامی بەدواداچونی لیژنەکانیان بێلایەنتر بێت مافی سکاڵالێکراو پارێزراوبێت و هاوڵاتیش مافی خۆی وەربگرێت.

لیژنە پسپۆڕییەکەی تەندروستی راستەوخۆ لە لایەن نوێنەری داواکاری گشتیەوە سەرپەرشتی دەکرێت، سەبارەت بە یەکلابونەوەی ئەنجامی دۆسیەکانیش ئاماژەی بەوەکرد بەشی زۆری دۆسیەکان یەکلاکراونەتەوە تەنها دو دۆسیە نەبێت کە ئاراستەی دادگای تاوانەکان کراوە لەلایەن دادگا و داواکاری گشتیەوە.

هاوڵاتی دەتوانێت سکاڵا لە نەخۆشخانە تۆماربکات یاخود لە دەرەوەی نەخۆشخانە یان بنکەی پۆلیس بەڕێوبەرایەتی گشتی دوای ئەوەی دادگا نوسراوی بۆ دەکات، لیژنە بۆ سکاڵای هاوڵاتیەکە دروست دەکات.

سەبارەت بەوەی کە هاوڵاتیان هێمایان بۆ کردوە کە راپۆرتی لیژنەپزیشکیەکان گۆڕانکاری تێدادەکرێت، د. سیروان محەمەد، وتی: "ئەوە تەنها قسەو قسەلۆکی خەڵکە بە هزری خۆیان لێکی دەدەنەوە کە پزیشک تاوانبارە، دواتر کە لیژنەکە بە زانستی راستیەکە ئەسەلمێنێت ئەم بڕوای وایە ئەوەی خۆی راستەو لیژنەکە بابەتەکەی گۆڕیوە".

بەدەر لە سکاڵای دۆسیەی قورسی تەندروستی، سکاڵای ئاسایی هاوڵاتیان بەشێکی دیکەی ئەو سکاڵانەیە کە رۆژانە تۆماردەکرێت لە تەندروستی گەرمیان، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان دەڵیت: "بەشی زۆری ئەو سکاڵانە بە ناحەق کراون".

ئەو دەڵێت: "هەندێکجار هاوڵاتیان بەهۆی تێنەگەشتنیان لە خزمەتگوزارییەکانی ئەو شوێنە سکاڵایان تۆمارکردوە، بۆ نمونە مەڵبەندیکی تەندروستی دەوری نەخۆشخانەیەکی گشتی نابینێت بۆ نەخۆش، یاخود نەخۆشخانەی فریاکەوتن نابێت نەخۆشی سارد سکاڵایان لەسەر بکات".

**بەشی سێیەم: راسپاردە**

1. شێوازی ئەو سکاڵایانەی لە کەرتی تەندروستی دا لەگەرمیان هەن جیاواز و جۆراوجۆرن، هەیانە پەیوەندی هەیە بە مەسەلەی گرنگی وەکو مردن و گیان لەدەستدان لەناوەندە تەندروستیەکان و ستافی ئەو ناوەندانە دەبنە تۆمەتبار، هەشە پەیوەندی هەیە بە خراپی مامەڵەی ناوەندە تەندروستیەکان و نەگونجاویی خزمەتگوزاریەکان، زۆرجاریش ئەم دو بوارە تێکەڵ بە یەک دەبن، بۆیە گرنگە کەلایەنە پەیوەندیدارەکان و بەتایبەتی خودی تەندروستی گەرمیان، جیاکاریەکی رون لەمبارەیەوە بکات بۆ ئەوەی ماف بە سکاڵاکارانی دۆسیەکان بدرێت و هاوڵاتیانیش لەمبارەیەوە ئاگادار بکاتەوە.

2. ئەگەرچی رەخنە و تێبینی زۆرە، بەڵام لەبەرامبەردا سکاڵا کەمە، وەک بەرپرسانی تەندروستی ئاماژەی بۆ دەکەن زووتر ناڕەزایەتیەکان لەسەر زار ماونەتەوە و رێکاری یاسایی و کارگێڕیان وەرنەگرتوە، بۆ نمونە ئەو کەسانەی رەخنەیان هەیە نایەن سکاڵا تۆمار بکەن، ئەمەش وایکردوە ئەوان نەتوانن بەدواداچون بکەن و کەسانی کەمتەرخەم سزا بدەن. بۆ چارەسەری ئەمەش دەکرێت خودی تەندروستی گەرمیان لەرێگەی پێدانی هۆشیاری بەهاوڵاتیان یان دەزگا چاودێرەکانی وەکو مافی مرۆڤ و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مە دەنی، رۆڵیان هەبێت.

3. ئەو هاوڵاتیانەی کە سکاڵایان کردوە، نیگەرانن بەوەی سکاڵاکانیان بەهەند وەرنەگیراوە، ئەمە بەنیسبەت ئەوانەشەوە راستە کە راستەوخۆ بەدەم تێبینی و رەخنەکانیان گەیاندوە بەلایەنی پەیوەندیداری تەندروستی لەبارەی کێشە و پێشێلکاریەکانەوە.

4. دروستکردنی لیژنە رێکارێکی ئسوڵی و لەهەمانکاتیشدا باشە، ئەوەی تێبینی دەکرێت بۆ زۆرێک لە سکاڵاکان بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە ژیان و مردنەوە هەیە، لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تەندروستی گەرمیان پێکهاتوە، ئەمەش خاڵێکی ئیجابیە و لەوەش باشتر ئەوەیە کە نوێنەری داواکاری گشتی لەو لیژنانەدا هەیە، بەڵام زۆرجار دەرەنجامی لیژنەکان بەدڵی کەسانی سکاڵاکار دەرناچێت و ئەمەش وادەکات برەو بەو بیرۆکەیە بدرێت کە لیژنەکان بۆ شاردنەوە یان کپکردنەوەی کێشە و "تاوانەکەیە"، ئەگەرچی بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان ئەم حاڵەتە بۆ کەمی هۆشیاری کەسەکان دەگێڕێتەوە کە شارەزاییەکی ئەوتۆی بنەما یاساییەکان نین.

5. فەرمانگەی داواکاری گشتی گەرمیان و نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان، لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەکانی کەرتی تەندروستین و سکاڵاکانی ئەم بوارە وەردەگرن، بەڵام ئەوەی هەستی پێناکرێت و بەرجەستە نابێت لەلامان، کاریگەریی ئەم چاودێریی و لێپرۆسینانەوەیە. بۆیە پێشنیاز دەکەین پێداچونەوەیەک بە رێکارەکاندا بکرێت بۆ ئەوەی چاودێریی و لێپرسینەوەکان جێگەی خۆیان بگرن.

6. خۆدزینەوەی لێپرسراوی بەشی یاسا لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان لەقسەکردن لەبارەی رێکارەکانیان بۆ بەدواداچونی سکاڵای هاوڵاتیان، جگە لەوەی بە کارێکی نابەرپرسانەی دەزانین و دژیشە بە یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاریی، هاوکات ئەو گومانەش تۆخ دەکاتەوە کە لەسەر ئەو رێکارانە هەن و کە دەوترێت "بە جیدییەوە ئەو رێکارانە ناگیرێنەبەر و لەکۆڵ دەکرێنەوە".

7. دەستوەردانی ئیداریی و بەتایبەت دامودەزگاکانی دیکە، کارێکی نەگونجاوە، بنەڕەت وایە کە بۆ هەر سکاڵا و تێبینییەک، پشت بە رێکارە یاساییەکان ببەسترێت. بۆیە پێویستە دەزگا حکومیەکان بە روحیەتی بەدواداچونکردنی جیدی و گێڕانەوەی هەق بۆ ئەوانەی لێیان سەندراوەتەوە کار بکەن و هەماهەنگی یەکتر بن، بەومەرجەی ئەمە دژ نەبێت بە یاسا و رێکارە کارگێڕییەکان.

8. پشتبەستن بە رێکاری "عەشایەریی" لەبری رێکاری یاسایی و کارگێڕیی، نەنگیەکی گەورەیە لەم بوارەدا و وادەکات زۆرێک لە کەیسی سکاڵاکان بە دەرەنجام نەگەن، بۆیە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان وردتر لەسەر بەرەنگاربونەوەی ئەم حاڵەتە بوەستن و لێنەگەڕێن بنەما یاسایی و کارگێڕیەکان ببنە قوربانی عورفە کۆمەڵایەتی و عەشایەرییەکان.

9. هەبونی هۆبەی یاسایی لە ناوەندە تەندروستیەکان گرنگی تایبەتی هەیە و هەربۆیە پێویستە لەکاتی وەرگرتنی کارمەند بۆ وەزارەتی تەندروستی ئەم بەشە بەهەند وەربگیرێت تاوەکو دۆسیەکانی سکاڵا بە ئاسانتر بۆ هاوڵاتیان یەکلابێتەوە.

10. گرنگە بەرپرسانی ناوەندە تەندروستیەکان رۆژانە لە نزیکەوە بەناو نەخۆش و سەردانکەرانیان دا بگەڕێن و ئاگاداری ناڕەزایەتی و تێبینی و سکاڵاکان بن، دەشتوانرێت پشت بە رێگەی دیکە ببەسترێت بۆ وەرگرتنی تێبینی و رەخنە و سەرنج، لەنمونەی: تایبەتکردنی ژمارە تەلەفۆن بۆ وەرگرتنی سکاڵا، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و دانانی سندوقی سکاڵا لەناوەندەکان.

11. هەندێک لە سکاڵای هاوڵاتیان گشتیە وەک نەبینی نەخۆش لە لایەن پزیشک لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن یاخود ئەو سکاڵایانەی کە تایبەتە بە کەمتەرخەمی پزیشکەوە، دەبێت هۆکاری ئەمە رونبکرێتەوە، هەوڵی جدی بدرێت بۆ چارەسەرکردن و کۆتایی پێهاتنی.

12. زۆرینەی سکاڵاکان ئەوانەن پەیوەندیان بە نەبونی پزیشکی پێویستەوە هەیە، پێویستە وەزارەتی تەندروستی لەمبارەیەوە جیدی تر کار بکات و خەمی ئەم بوارە بخوات و چیتر ئەم بوارە پشتگوێنەخات کە ساڵانێکە داوای چاککردنی دەکرێت. هەروەها بۆ ئەو سکاڵانەشی کەپەیوەندی هەیە بە دروستبونی کێشە لەنێوان نەخۆش و ستافی

دەزگا تەندروستیەکە، پێویستە رێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر و خول و راهێنانی پێویست بۆ ستافەکان بکرێتەوە بەمەبەستی رەچاوکردنی زیاتری دۆخی هاوڵاتیانی نەخۆش و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیان.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە
2. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە
3. رێناس ساڵح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

*** بۆ پەیوەندی:**

07702303676 - 07480207400

Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org